# مێژووی ڕامیاری و شارستانی مصری کۆن لەسەردەمی بنەماڵەی سێیەمی فیرعەونی 2780 – 2680 پ . ز

م.ی. شاكر رضا أحمد

بەشی ڕاگەیاندن، پەیمانگەی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر ، کردستان، العراق

**پووختە**

حوکم و دەسەڵاتی بنەماڵەی سێیەمی فیرعەونی لە مصری کۆندا 2780-2680 پ.ز بە دەستپێکی حوکمڕانی دەوڵەتی کۆن دادەنرێت لەم وڵاتەدا، یەک سەدە ماوەی حوکمڕانی ئەم بنەماڵەیە بە ماوەیەکی گرنگ و چارەنوسساز هەژمار دەکرێت لە مێژووی مصری کۆندا لە هەردوو لایەنی شارستانی و ڕامیاری، چونکە لەو ماوەیەدا سەردەمێکی نوێ و جیاوازی حوکمڕانی هاتە کایەوە، کە کۆمەڵێک نوێکاری و پێشکەوتنی بەخۆوە بینی، دواتر ئەم نوێکاری و پێشکەوتنە وەک بنەما و ڕێچکەیەک لەلایەن بنەماڵەکانی دواترەوە درێژەی پێدرا، لەمانەش دروست کردنی هەرەمەکان و شێوازی حوکمکردن و نووسین و پشت بەستن بە ساڵنامە.

لەسەر دەستی پاشاکانی ئەم بنەماڵەیە کۆتایی بە پەرتەوازەیی و لاوازی مصر هێنرا کە لەسەردەمی بنەماڵەی یەکەم و دووەم بنیاتنرابوو، توانیان مصرێکی بەهێز بنیات بنێن و ناسەقامگیری ڕامیاری وڵات کۆنترۆڵ بکەن، وە بیرۆکەی دروستکردنی هەرەم لەلایەن پاشاکانی ئەم بنەماڵەیە سەریهەڵدا و لەلایەن ئەندازیاری بەناوبانگ (امحتب) خرایە بواری جێبەجێ کردن قۆناغ بە قۆناغ تا لەسەردەمی بنەماڵەی چوارەم گەیشتە لوتکە، کە وەک شاکارێکی شارستانی مێژوویی تا ئێستاش سەیر دەکرێت.

**کلیلی وشەکان:** مصر، فیرعەون، زۆسر، هەرەم، امحتب.

## 1. پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی مێژوویی ڕامیاری و شارستانیە بە پشت بەستن بە ڕێبازی پشکنینی مێژوویی لە سەردەمێکی دیاریکراوی مصری کۆن (فیرعەونی) ئەویش سەردەمی حوکمڕانی بنەماڵەی سێیەمی فیرعەونیە لە مصری کۆندا، کە دەکەوێتە ماوەی نێوان ساڵانی 2780 – 2680 پ.ز.

ئەم سەردەمەی مصری کۆن (فیرعەونی) لە سەرچاوەکان بە سەرەتای سەردەمی دەوڵەتی کۆن دەناسرێت، ئەم بنەماڵەیە نزیکەی سەدەیەک حوکمی وڵاتیان کردوە کە تیایدا (6) شەش پاشا دەسەڵاتی وڵاتیان گرتۆتە دەست.

گرنگی ئەم سەردەمە لەوەیە کە بە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتێکی بەهێز دادەنرێت بۆ مصری کۆن (فیرعەونی) لە لایەن بنەماڵە فیرعەونیەکانەوە، بنەماڵەی یەکەم و دووەم ڕۆڵیان هەبوو لە دامەزراندنی وڵات و یەکخستنی مصری سەر و خواروو وە بەهێز کردنی پێگەکانی دەوڵەت. دواتر بنەماڵەکانی تر بناغەی دەوڵەت و پەیوەندیەکانیان لەگەڵ وڵاتانی تر پەرە پێدا و سنووری وڵاتەکەیان فراوانتر کرد و شارستانیەتیان بوژاندەوە.

ئەم سەردەمە گرنگی خۆی هەیە لەمێژووی کۆنی مصر و تەواوی شارستانیەتەکە چونکە سەرەتای دەستپێکی بنیاتنانی هەرەمەکانی مصرە وەک شاکاری شارستانی لە بنەماڵەی سێیەمی مصر دەستی پێکرد، وە ئەم سەردەمە بە سەردەمی گواستنەوەی شارستانی دادەنرێ لە شارستانیەتی پشت بەستن بە قوڕ بۆ بەکار هێنانی بەرد لە دروستکردنی باڵەخانە و پەرستگا و کۆشکەکان.

بۆیە لەبەر گرنگی قۆناغەکە و ڕووداوە مێژوویی و شارستانیەکانی ئەم سەردەمە گرنگە ئاگاداری هەموو هەواڵێکی مێژوویی بارودۆخی ڕامیاری و شارستانی بنەماڵەی سێیەمی فیرعەونی مصر بین، چونکە ئاگادار بوون لە ڕەوشی حوکم و شارستانیەتی ئەم سەردەمە قۆناغێکی پڕ زانیاری دەبێت بۆ شارەزا بوون لە شارستانیەت و چۆنیەتی دروست کردنی شارستانیەتی گەورەی مصری کۆن (فیرعەونی).

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت کە بەشی یەکەم تایبەتە بە لایەنی ڕامیاری بنەماڵەی سێیەمی فیرعەونی لە مصری کۆندا کە دابەش کراوە بۆ سێ تەوەرەی سەرەکی، لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە بارودۆخی مصر دەکەین پێش بنەماڵەی سێیەم لەگەڵ ئەو هۆکارانەی بوونە هۆکاری دەستپێکی حوکمڕانی لەلایەن

مجلّة پۆلیتکنیك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 2، العدد 1 (2021)
أُستلم البحث في 26 يناير 2021؛ قُبل في 12 آذار 2021
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 26 يونيو 2021
البريد الإلكتروني للمؤلف: shakir.ahmed@epu.edu.iq
حقوق الطبع والنشر © 2021 شاكر، شاكر. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

بنەماڵەی سێیەمی فیرعەونی لە مصری كۆندا. لە تەوەرەی دووەمدا باسی دامەزراندنی دەوڵەت و پاشاكانی بنەماڵەی سێیەمی فیرعەونی دەكەین لەگەڵ بارودۆخی هاتنە سەر حوكمی پاشاكان و بارودۆخی ناوەخۆی وولات و سیستەمی حوكمڕانی. لە تەوەرەی سێیەمیشدا باس لە كۆتایی هاتنی دەسەلاتی بنەماڵەی سێیەمی فیرعەونی و هۆكارەكانی دەستپێكی حوكم لەلایەن بنەماڵەی چوارەمی فیرعەونی لە مصری كۆندا دەكەین. بەشی دووەمی توێژینەوەكەش تەرخان كراوە بۆ باسی لایەنی شارستانیەت و پەیوەندیەكانی بنەماڵەی سێیەمی فیرعەونی لە ماوەی نێوان 2780 – 2680 پ.ز، كە ئەم بەشەش لە سێ تەوەرەی سەرەكی پێكهاتووە بەم جۆرە: لە تەوەرەی یەكەم باسە لە پەیوەندیە دەرەكییەكانی بنەماڵەی سێیەمی فیرعەونی لە ماوەی حوكمڕانیان 2780 – 2680 پ.ز دەكەین، وە لە تەوەرەی دووەمدا باس لە لایەنی بیناسازی و بازرگانی و كشتوكاڵ لەسەردەمی بنەماڵەی سێیەمی فیرعەونی 2780 – 2680 پ.ز دەكەین، هەرچی تەوەرەی سێیەمی ئەوا تیایدا باس لە سوپا و كارگێڕی و ئایین لە سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی حوكمڕانی 2780 – 2680 پ.ز دەكەین .

بۆ ئەم توێژینەوەیە پشتمان بە چەندین سەرچاوەی تایبەت بەستوە كە زۆرینەیان سەرچاوەكان لەلایەن مێژوونووس و شوێنەوارناسە بەناوبانگەكانی مصر نووسراون لەوانەش كتێبەكانی (د.محمد بیومی مهران، دراسات فی تاریخ مصر و الشرق الادنی القدیم) وە كتێبەكەی (د. حسن محمد محی الدین السعدی، المعالم الرئیسیة لتاریخ مصر الفرعونیة) و كتێبەكەی (احمد محمد البربري، مصر القدیمة الحضارة و الاثار)، هەروەها كتێبە نایابەكەی (دكتور عبدالعزیز صالح، الشرق الادنی القدیم – مصر القدیمة) لەگەڵ كتێبەكانی (د. احمد امین سلیم ، حضارة مصر القدیمة) و ئینسكلۆپیدیا بەناوبانگەكەی (د. سلیم حسن بەناونیشانی موسوعە مصر القدیمە).

بەربەرستەكانی دێنە بەر دەمی ئەم توێژینەوە و هاوشێوەكانی كەم نین چونكە خۆی مێژووی كۆن زانیاری و سەرچاوەكان كەمن یان ئەوەی كە هەیە بە نیوە چڵی هاتووە وەک شكانی تەختە قوڕینەكان و دیار نەبوونی بەشێكی بەردیەكان و سڕانەوە و دیارنەمانی بەشێكی نووسین و نەخش و نیگار و وێنە و ئاماژەكانی سەر دیواری پەرستگا و باڵەخانە و هەرەم و شوێنەوارەكان، بۆیە بەشێكی بۆ چوون و لێكدانەوەكان دەبێ لە ئەنجامی بیركردنەوە و بە نموونە وەرگرتنی سەردەمەكانی پێشوو تر یان پاشتر بكەینە ئامانج بۆ ئەوەی بگەین بە ئەنجامێكی دیار و قبوڵكراو.

ئەم توێژینەوەیە بەرهەمی لێكۆڵینەوە و لێكدانەوەی دەستی مرۆڤە بە پشت بەستن بە چەند كارێكی پێشووی مرۆڤەكانی تر بۆیە بێ كەموكوڕی نیە و بە دڵنیاییەوە كەموكوڕی تیایە چونكە هیچ كارێكی مرۆڤ كامل نیە، لەسەر ئەو بنچینەیەی كە لەمێژە گوتراوە كمال تەنها و تەنها بۆ خوایە.

## 2. بەشی یەكەم / بارودۆخی ڕامیاری مصر لە سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی فیرعەونی 2780 – 2680 پ.ز

### 2.1 تەوەرەی یەكەم/ بارودۆخی مصر پێش حوكمی بنەماڵەی سێیەم و هۆكارەكانی ڕووخانی بنەماڵەی دووەمی فیرعەونی

دوای یەكخستنی مصری سەروو و خواروو لەسەر دەستی پاشا (نعرمر) مصر بووە یەک پارچە و ئیتر نعرمر بە دامەزرێنەری یەكەم بنەماڵەی فیرعەونی دادەنرێ لە ساڵی 3200 پ.ز، دواتر (30) بنەماڵەی بەدواداهات كە توانیان حوكمی مصری كۆن بكەن (السعدی، 2005، 38). بۆچوونێكی تر هەیە دەڵێت (مینا) دامەزرێنەری یەكەم بنەماڵەی فیرعەونی مصر دوای ئەو ئینجا (نعرمر) دەبێتە پاشای مصر، بەڵام بۆچوونێكی تریش هەیە دەڵێت كەسایەتیەكانی (نعرمر و مینا و عحا) یەک كەسن و بۆ سیفاتی جیاوازی هەمان كەسایەتی ناوەكان بە جیاواز هاتوون (السعید، 2009، 37).

بەم شێوەیە حوكمی بنەماڵەی فیرعەونی لە مصر دەست پێدەكات بە حوكمی بنەماڵەی یەكەم لەسەر دەستی (نعرمر – مینا) (سعدالله، 2004، 30)، حوكمی ئەم بنەماڵەیە بەردەوام دەبێت لە 3200 – 2980 پ.ز ، ئینجا دەسەلات دەگوازرێتەوە بۆ بنەماڵەی دووەمی فیرعەونی لە ساڵی 2980 – 2780 پ.ز، لە بنەماڵەی یەكەم نۆ فیرعەون حوكم دەكەن و لە بنەماڵەی دووەمیش هەشت فیرعەون حوكم دەكەن (بیومی، 2014، 5-6)، ئەم سەردەمەش پێی گوتراوە سەردەمی (الثیني یان الطیني) ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ شاری (ثني) كە وەک یەكەم پایتەختی مصر لە سەردەمی بنەماڵەی یەكەم و دووەم حوكمی وولاتی تیا كرا (عبدالعزیز، ب.س.چ، 37).

پاشاكان (فیرعەونەكان)ی بنەماڵەی یەكەم و دووەم بەپێی ئەم زنجیرەی خوارەوە حوكمی وولاتیان كردوە :-

پاشا (فیرعەون)ەكانی بنەماڵەی یەكەم 3200 – 2980 پ.ز

پاشا مینا – نعرمر

پاشا عحا (حور عحا)

پاشا جر

شاژن مری نیت

پاشا واجی (واجت)

پاشا ودیمو (دن)

پاشا عنجاءب (عنجاء بي) (میبیدس Miobidos)

پاشا سمر حت

پاشا (قا قع) "قای – ع"

پاشا (فیرعەون)ەكانی بنەماڵەی دووەم 2980 – 2780 پ.ز

پاشا حوتب سخموی

پاشا رع نب (نب رع)

پاشا نی – نثر (نثریمو)

پاشا ونج یان واج نس

پاشا سند (سنج)

پاشا سخم ایب (برا ایب سن) (سعدالله، 2004، 49-54).

پاشا خع سخم كە بۆ ماوەی 48 ساڵ حوكمی كردوە

پاشا خع سخموی، ئەم پاشایە ماوەی 30 ساڵ حوكمی كردوە (عبدالحمید، 2006، 16).

لە سەردەمی بنەماڵەی یەكەم و دووەمی فیرعەونی لە مصر سیستەمی حوكم پشتا وپشت بوو، پاشاش وەک تاكە خواوەندی زیندوو لەسەر زەوی سەیر دەكرا كە خاڵی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خواكانی تر بوو (ڤرنر، 2005، 42). وە لە هەمان كاتدا پاشا نوێنەری خواوەندی ئاسمان (حورس) (بڕوانە وێنەی ژمارە 1)

بوو لەسەر زەوی(هوسون، 1995، 18) .
پاشاکانی بنەماڵەی یەکەم و دووەم نەیانتوانی بارەگاکەیان ببەنە شاری منف بەڵکو ئەم شارە هەر وەک قەڵایەک ماوە کە لەوێوە هەڵمەتەکانیان ببەنە سەر لیبیەکان کاتێک هەڕەشە لە سنووری ڕۆژئاوای مصر دەکەن (سیف الدین، 1991، 22). وەک نیشاندانی یەکگرتوویی مصر و ئاماژەی بوونی یەک پاشا لە مصری یەکگرتوو پاشاکانی ئەم دوو بنەماڵەیە لەژێر ناوی پاشای مصری سەروو و خواروو حوکمیان دەکرد (الخفاجي، 2019، 83).
لەپاڵ یەکێتی ڕامیاری بۆ مصر ئەوا نووسین بە هەر سێ شێوەی وێنەیی و ڕەمزی و پیتی پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینی، بۆیە ئەم سەردەمە ناونرا سەردەمی مێژوویی یان سەرەتای سەردەمی بنەماڵەکانی فیرعەونی. هەموو ئەمانەش هاوکار بوون بۆ کارگێڕیەکی پتەو و چەسپاو لە مصری کۆندا. لە نیشانەکانی ئەم سەردەمەش بریتی بوو لە هەوڵی پاشاکان بۆ هێشتنەوەی مصر بە یەکگرتووی سەروو (دلتا) و خواروو (صعید) ئەویش لە ڕێگای گرنگی پێدان بە هەردوو بەشی مصر و هاوسەرگیری لەگەڵ بەشی سەروو (دلتا) بۆ دروستکردنی خزمایەتی بۆ بە ناچار مانەوەیان لەگەڵ بەشی خواروو (صعید) بە یەکگرتوویی لە ژێر یەک فەرمانڕەوایی فیرعەونی. فیرعەونیش بریتی بوو لە سەری هەڕەمی دەسەڵاتی دەوڵەت لە سەرۆکایەتی گشتی تەشریع ، حوکم ، کارگێڕی ، سوپا و ئایین (صالح، 2006، 117-118).
شانبەشانی لایەنی کارگێڕی و ڕامیاری و بازرگانی و پەیوەندی دەرەکی لەگەڵ دەوروبەر گرنگی پێدراوە، لەگەڵ وولاتی سودان و ڕۆژئاوای ئاسیا لەگەڵ فینیقیا و باشووری سوریا و فەڵەستین و شام بازرگانی و پەیوەندی سەربازی و دیبلۆماسی برەوی پێدراوە (صالح، 2006، 135) . ئەمەش نیشانەی کرانەوەی مصر و بە نێودوڵەتی بوونە.
بەمجۆرە حوکمی بنەماڵەی یەکەم و دووەمی فیرعەونی مصر بەردەوام بوو تا لە سەردەمی پاشا (برا ایب سن)ی بنەماڵەی دووەم شۆڕشێکی ئایینی لە مصر سەریهەڵدا ئەمەش بەهۆی ململانێی ئایینی نێوان پەیڕەوانی (حور - حورس) و (ست) بەو پێیەی (حور - حورس) خواوەندی بەشی سەروو بوو وە (ست) خواوەندی بەشی خواروو بوو وە دامەزرێنەر و یەکخەری مصر لە پاشاکانی خواروو بووە بەڵام دواتر پاشاکان زیاتر نزیک دەکەونەوە لە خواوەند (حور - حورس) (السعید، 2009، 50-51) تەنانەت پاشاکانیش وەک نوێنەری خواوەند (حورس) ناو و ناوبانگیان بۆ خۆیان دانا (عبدالحمید، 2006، 17)، هەرچی پاشا (برا لیب سن) بوو هات ناوی خواوەند (ست)ی بەرزکردەوە و هەوڵیدا ئەم خواوەندە برەو پێبدات (الشریف، 2002، 84)، ئەم گۆڕان و ململانێیەی پەرستراوەکان دەبێتە جێگای نارەزایی خەڵکی خواروو لە ئەنجامدا شۆڕشێک دروست دەبێت کە دەبێتە هۆی لاوازی پێگەی دەوڵەت و پاشا و بارودۆخی وولات بەرەو گرژی و ئاڵۆزی دەچێت بەجۆرێک کە دوو پاشای کۆتایی بنەماڵەی دووەمیش ناتوانن بارودۆخەکە ڕاست بکەنەوە بۆیە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی کۆتایی هاتنی بنەماڵەی دووەم و دەستپێکی سەردەمێکی نوێ لە مصری کۆن (فیرعەونی) ئەویش سەردەمی حوکمی بنەماڵەی سێیەمی فیرعەونیە لە مصری کۆندا (السعید، 2009، 50-51) . هەروەها نەبوونی جێنشینێکی شەرعی لە خێزانی یەکەمی پاشا بووە هۆکارێکی تری نەمانی بنەماڵەی دووەم و هاتنە پێشی بنەماڵەی سێیەمی فیرعەونی (ڤرنر، 2005، 139) .

## 2.2 تەوەرەی دووەم / ڕژێمی حوکم و بارودۆخی ناوەخۆی مصر لەسەردەمی بنەماڵەی سێیەمی فیرعەونی

لە دەستپێکی حوکمی بنەماڵەی سێیەمی فیرعەونی لە مصر تا کۆتایی بنەماڵەی شەشەمی فیرعەونی بە سەردەمی دەوڵەتی کۆن ناسراوە لە مێژوودا، ئەم مێژووەش لە ساڵی 2780ەوە دەست پێدەکات تا کۆتاییەکانی سەدەی بیست و سێیەمی پێش زایین (الشریف، 2002، 39) .
دەربارەی دەستپێکی حوکمی بنەماڵەی سێیەمی فیرعەونی لە مصری کۆندا تا ئێستا سەرچاوەکان یەکانگیر نین دەربارەی ڕیزبەندی پاشاکانی ئەم بنەماڵەیە وە کامە پاشا دامەزرێنەری ئەم بنەماڵەیەیە، بۆ ئەمەش دوو بۆچوونی جیاواز هەیە. یەکەمیان باوەڕی وایە کە پاشا (نثر رخت- زۆسر) یەکەم پاشای ئەم بنەماڵەیەیە (EL-Saady, 1995, 61) بە بەڵگەی دۆزینەوەی ئەو مۆرانەی لە ئەبیدۆس کە دڵنیایی دەدەن لەسەر هەبوونی پەیوەندی لەنێوان (نثر رخت - زۆسر) و (خع سخموی) کۆتا پاشای بنەماڵەی دووەم بە هەبوونی ناوی شاژن (نی ماعت حب) کە لەو مۆرانەی لە گۆڕەکەی پاشا (خع سخموی) لە ئەبیدۆس دۆزراوەتەوە ناوی ئەو شاژنە وەک (دایکی کوڕەکانی پاشا) هاتووە. هەرچی ئەو مۆرانەیە کە لە گۆڕی پاشا (نثر رخت) لە (بیت خلاف) دۆزراونەتەوە ناوی شاژن (نی ماعت حب) وەک دایکی پاشا هاتووە، بۆیە وا لێکدراوەتەوە کە شاژن (نی ماعت حب) خێزانی پاشا (خع سخموی) و دایکی (نثر رخت - زۆسر)ە (سلیم و سوزان، 2008، 116). بەڵام خێزانی یەکەمی پاشا نەبووە لەبەر ئەوەی خێزانی سەرەکی نەیتوانیوە کوڕێکی جێنشین بۆ پاشا بهێنێتە ژیان بۆیە دەسەڵات دەگوازرێتەوە بۆ کوڕی ژنی دووەم (ڤرنر، 2005، 139). کەواتە بەم پێیە بێت (نی ماعت حب) خاڵی گەیاندنە یەکی پاشاکانی بنەماڵەی دووەم و سێیەمە بۆ حوکمڕانی مصری کۆن و هەر لە ڕێگای ئەویشەوە شەرعیەتی حوکم لە بنەماڵەی دووەمەوە دەگوازرێتەوە بۆ بنەماڵەی سێیەم (سعدالله، 1988، 20).
ئەوەش گرنگە بزانین کە (نثر رخت – زۆسر) بە دامەزرێنەر و بنیاتنەری سەردەمێکی نوێ دادەنرێ ئەویش سەردەمی بنیاتنانی هەڕەمەکانە لە مصردا، دوای ئەوەی توانیان سەرکەون بەسەر ئەو شۆڕشانەی کە لە سەردەمی بنەماڵەی دووەم سەریانهەڵدا، بەمەش توانیان جارێکی تر مصر یەکبخەنەوە (مهران، 2000، 49).
بۆچوونی دووەم بەو ئاراستەیە دەڕۆن کە پاشا (سانخت) دامەزرێنەری ئەم بنەماڵەیەیە وە وای دادەنێن کە هەردوو پاشا (سانخت) و (نب کا) یەک کەسە، بەڵگەشیان بۆ ئەمە ئەوەیە کە پاشا (سانخت) برا گەورەی (نثر رخت - زۆسر)ە(سعدالله، 2004، 69)، سەرەتا (سانخت) دەسەڵاتی گرتۆتە دەست وە بۆ ماوەیەکی کەم حوکمی کردوە و دەمرێت لە دوای خۆیدا تەنها کچێک بەجێ دەهێڵێ، بۆیە دوای (سانخت) براکەی (نثر رخت - زۆسر) دەبێتە پاشا (سلیم و سوزان، 2008، 116) . بۆیە ئەمەیان زیاتر جێگای باوەڕ و پشت پێ بەستنە.
یەکێک لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی نثر رخت – زۆسر لە حوکم و ناوبانگی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی وەزیرێکی بە توانا و لێهاتوو بەناوی (امحتب) کە لە ئایین و جادو و پێشبینەکان دەستێکی باڵای هەبوو وە هەروەها لە پزیشکی و کارگێڕی و ئەندازیاریدا توانایەکی زۆری هەبوو کە ناو و ناوبانگی بۆ چەندین سەدە ماوە تا نازناوی (خوای پزیشکی) وەرگرت (برستد، 1996، 74) . دەسەڵات و هێزی ئەم وەزیرە زیاتر بوو کاتێک برسێتیەک ڕووی لە وولات کرد بەهۆی ووشکە سالیەوە لە سەردەمی پاشا (نثر رخت – زۆرسر) (سعدالله، 2004، 72)،

ئەمەش لەو تابلۆیە ئاماژەی پێکراوە کە بە (تابلۆی برسێتی) بەناو بانگە لە شاری (الاقصر)ی باشووری مصر دۆزراوەتەوە تیایدا هاتووە کە ووشکە ساڵیەکە بۆ ماوەی حەوت ساڵ بەردەوام بووە و لە ساڵی هەژدەمی حوکمی پاشا زۆسر روویداوە (صالح، 1962، 312)، لەم بارودۆخەشدا (امحتب) توانی لێهاتوانە سەربکەوێ بەسەر بارودۆخەکە و خۆشەویستی زیاتری پاشا و خەڵک بەدەست بهێنێ (سیف الدین، 1991، 31).

بێگومان هۆکاری ئەوەی کە ئەم سەردەمە و بنەماڵەیە جیا کراونەتەوە لە بنەماڵەی دووەم بۆ چەند هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە کە ئەمانەن :-

هۆکاری ئەوەی کە (نثر رخت – زۆسر) توانی بەربەستێک بۆ شۆڕش و ئاژاوەکانی ناو ووڵات دابنێ و مصری ڕزگار کرد لەو بارودۆخە ئاڵۆزەی کە تێی کەوتبوو لە بنەماڵەی دووەم، بۆیە وەک سەردەمێکی جیاواز مامەڵە لەگەڵ سەردەمەکە دەکرێ.

توانی شاری منف بە جێگیر کراوەی بکاتە پایتەختی سەرەکی دەوڵەت و پایتەختەکانی هەرێمەکانی تری نەهێشت هەر بۆیە بە تەواوی سەردەمەکەش دەگووترێ سەردەمی منفی بە مانای ئەوەی کە منف پایتەختی سەرەکی بووە و بە ئاماژەی گرنگی شارەکەیە لەم سەردەمە.

یان ئەوەتا بەهۆی ئەوەی لە سەردەمی بنەماڵەی سێیەم دەستکرا بە دروستکردنی هەرەمەکان و بەکارهێنانی بەرد لە بنیاتنانی گۆڕی پاشاکان(السعدی، 2005، 46)، لە کاتێکدا لە سەردەمی بنەماڵەی یەکەم و دووەمی فیرعەونی گۆڕی پاشاکان تەنها لەسەر شێوەی سەکۆ (مصطبة) بوو کە لە قوڕ (خشت) دروست کرابوون (فخري، 1982، 26)، ئەمەش وایکرد کە سەردەمەکە جیاواز بێت لە سەردەمەکانی تر.

یاخود لە نێوان (خع سخموی) کۆتا فیرعەونی بنەماڵەی دووەم و یەکەم فیرعەونی بنەماڵەی سێیەم کەسانێک توانیویانە دەست بگرن بەسەر دەسەڵات و دواتر لێیان وەرگیراوەتەوە لەبەر ئەوە سەردەمێکی نوێ دەستی پێکردوە (صالح، 1962، 302).

بەپێی سەرچاوەکان شەش پاشا حوکمی بنەماڵەی سێیەمی مصریان کردوە بەپێی زنجیرەی بەدوای یەکدا هاتنیش پاشاکان ئەمانەی خوارەوەن :-

پاشا سانخت دامەزرێنەری بنەماڵە

پاشا (نثر رخت – زۆسر)

(سخم خت) کە بە مانای (جەستەی بەهێز) دێت (EL-Saady, 1995, 64).

پاشا (خع با)

پاشا (نب کارع)

پاشا (حونی یان حو) کە ناوی لە هەردوو لیستی تۆرین و سەقارە هاتووە وەک کۆتا پاشای بنەماڵەی سێیەمی حوکمڕانی مصری کۆن – فیرعەونی (سلیم و سوزان، 2008، 119).

شێوازی حوکمی ئەم بنەماڵەیە لەسەر بنچینەی پشتاو پشت بوو کە پاشا خاوەن دەسەڵات و هێزی سەرەکیە لە ووڵات وەک خواوەندێک سەیر کراوە نەک مرۆڤێکی ئاسایی، هەر لەبەر ئەوەیە نازناوی (خواوەندی چاکە)ی بۆ دانراوە و شوێنی نیشتەجێ بوون و حوکمکردنیشی پێی گوتراوە (برعا) واتا (ماڵی گەورە – ماڵی پیرۆز) (بینز، 2012، 83)، دواتریش ووشەی فیرعەون هەر لەم ناوەوە وەرگیرا، وە پایتەختی دەوڵەت ئەوکاتە لە منف بوو بۆیە بە تەواوی ئەو سەردەمە دەگووترێ سەردەمی مەنفی وەک ئاماژەیەک بۆ ناوی شاری مەنفی پایتەخت، دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دادوەری لە سەردەمی بنەماڵەی سێیەم بە تەواوی لە دەستی پاشا بوو وە چەند فەرمانبەرێک هاوکار و یارمەتیدەری بوون بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان. پاشا سەرچاوەی یەکەمی دەسەڵات بوو لە تەواوی مصر بەڵام سەرەڕای بوونی هێز و دەسەڵات بەڵام سیستەمێک هەبوو بۆ پلەبەندی فەرمانبەر کە پاشا نەیدەتوانی بە ویستی خۆی پۆست و دەسەڵاتەکان دابەش بکات بەڵکو بەپێی سیستەمێک بوو کە کەس نەیدەتوانی لێی لابدات (حسن، 2000، 8).

شانبەشانی پاشا چەند فەرمانبەر و کەسایەتیەکی تر هاوبەش بوون لە بەڕێوەبردنی ووڵات لەوانەش پلەیەک هاوشێوە و بە ئەرکی وەزیر کە درا بە (امحتب) ئەندازیار و پلەی وەزیر و پیاوی یەکەم و ڕاوێژکاری پاشا و گەورەی هەڵکۆڵەران و هەڵگری مۆری خوایی و سەرپەرشتیاری کارەکانی پاشا و گەورەی کاهینەکان ئەمانە ئەو نازناوانەن کە بۆ کەسایەتی (امحتب) بەکار هاتوون(البربری، 2005، 139)، ناوی وەزیر لە بنەماڵەی چوارەم و ڕێک لەسەردەمی پاشا (سنفرۆ) هاتە ناو فەرهەنگی حوکمڕانی ووڵات بە مەبەستی هاوکاری کردنی پاشا لە بەڕێوەبردنی ووڵات (سید، 2002، 53). جگە لەمانە چەند فەرمانبەرێکی تر لە کۆشک وەک سەرۆکی پاسەوان و بەڕێوەبەری کۆشک و بەڕێوەبەری دارایی و هەڵگری مۆری خوایی لە سیستەمی حوکمی ووڵات ئەرک و فەرمانیان هەبوو، پیشەی نووسەریش لە هەموو سەردەمەکانی مصری کۆندا پیشەیەکی گرنگ و جێگای بایەخ بووە (حسن، 2000، 14-16).

بەڕێوەبردنی ووڵات بەڕێوەبردنێکی مەرکەزی بوو لە پایتەختەوە، کاروبارەکانی ووڵات بە گوێرەی گونجان لەگەڵ سروشتی کۆمەڵگە دابەش کرابوون بۆ سەر چوار کار و پیشەی سەرەکی کە ئەوانیش بریتی بوون لە :-

کارگێڕی مەرکەزی لە پایتەخت. کە مەڵبەندی سەرەکی بەڕێوەبردنی ووڵات بوو کە بریتیە لە کۆشکی پاشایەتی

کاروباری کشتوکاڵی و ئاودێری .

بەرژەوەندی دارایی .

بەرژەوەندی ئیشغالی گشتی کە خۆی لە دروستکردنی باڵەخانە و گۆڕەکان و هەرەمەکان دەبینیەوە (سید، 2002، 55).

### 2.3 تەوەرەی سێیەم / کۆتایی بنەماڵەی سێیەمی فیرعەونی و هاتنە سەر حوکمی بنەماڵەی چوارەمی فیرعەونی لە مصری کۆندا

بە مردنی شەشەم پاشای بنەماڵەی سێیەمی فیرعەونی بە ناوی (حونی - حو) ئەوا دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی ئەو بنەماڵەیە کۆتایی دێت و دەسەڵات دەگوازرێتەوە بۆ بنەماڵەی چوارەمی فیرعەونی، بێگومان ئەم گواستنەوەیەی دەسەڵاتیش گواستنەوەیەکی ئاشتیانەیە و بەبێ کودەتا و ئاژەوەی ناوەخۆیی و دەرەکی دروست دەبێت (برستد، 1996، 76) .

دەربارەی شێوازی کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی بنەماڵەی سێیەمی فیرعەونی لە مصری کۆندا بۆ چوونی جیاواز هەیە یەکێکیان دەڵێت کاتێک (حونی – حو) لە دەسەڵات بووە کوڕەکەی بەناوی (سنفرۆ) دامەزرێنەری بنەماڵەی چوارەم لە ژنی سەرەکی پاشا (ژنی یەکەم)ی پاشا (حونی) نەبووە کە ناوی (مرسی عنخ) بوو ئەمەش شەرعیەتی وەرگرتنی دەسەڵاتی تەواو نادات بە (سنفرۆ) چونکە

دایکی (سنفرۆ) خوێنی پاشایی تیا نیە، ئەمەش پاڵ بە پاشا (حونی)ەوە دەنێت کە ئافرەتێکی تر بکاتە خێزانی خۆی کە خوێنی پاشایی تیا بێت و کوڕی ئەم ئافرەتە شەرعیەتی وەرگرتنی دەسەڵاتی هەیە، لەم خێزانە خاوەن خوێنی پاشایە کچێک و کوڕێکی دەبێت، کوڕەکە هەر زوو دەمرێت و کچەکە بە ناوی (حتب حرس) دەمێنێتەوە، شەرعیەتی وەرگرتنی دەسەڵات بۆ ئەم کچەیە بەڵام لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی فیرعەونی بۆ کچ جێگای قبوڵ نیە و کێشەی لێ دروست دەبێت (حونی) هەڵدەستێت بە مارە کردنی (حتب حرس)ی کچی خاوەن شەرعیەت بۆ دەسەڵات لە کوڕەکەی (سنفرۆ) کە خاوەنی شەرعیەتی وەرگرتنی دەسەڵاتی نیە، بەمجۆرە دەسەڵات بەشێوەیەکی ئاشتیانە و بە فێڵێکی شەرعی دەگوازرێتەوە لە (حونی) بنەماڵەی سێیەم بۆ (سنفرۆ)ی بنەماڵەی چوارەم (السعید، 2009، 81).

بۆچوونێکی تر دەڵێت لەبەر ئەوەی ئەو کارانەی پاشاکانی بنەماڵەی چوارەم لە سنفرۆ و خۆفۆ و خفرع ئەنجامیاندا لە دروستکردنی هەرەمەکان گەیشتە پلەی تەواو بوون بۆیە قۆناغەکە بە قۆناغێکی جیاوازتر لە پێش خۆی سەیر دەکرێت بۆیە وەک بنەماڵەیەکی جیاوازیش مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت (السعدی، 2005، 51) .

بۆچوونێکی تر دەڵێت، پەیوەندی خزمایەتی هەبووە لەنێوان ئەندامانی بنەماڵەی سێیەم و بنەماڵەی چوارەم وە کاتێک پاشا (حونی) دەمرێت لە بنەماڵەی سێیەم لە ڕێگای کچەکەی پاشا (حونی) کە ناوی (حتب حرس)ە دەسەڵات دەگوازرێتەوە بۆ (سنفرۆ)ی یەکەم پاشای بنەماڵەی چوارەم، لەبەر ئەوەی پەیوەندی خزمایەتی هەبووە لە نێوانیان ئەوەش شەرعیەتی وەرگرتنی دەسەڵات دەداتە ئەندامانی ئەم بنەماڵەیە (السعید، 2009، 82)، چونکە ئەم کچەی پاشا (حونی) توانای ئەوەی نیە بە تەنیا دەسەڵات بگرێتە دەست بە تایبەتیش کە وڵات بەرەو لاوازی ڕۆیشتوە و میری هەرێمەکان دەستیان وەرداوەتە کاروباری دەوڵەت و وڵاتیش تا ئاستێک دابەش بووە بۆ دوو بەشی سەرەکی مصری سەروو و مصری خواروو بۆیە (سنفرۆ) لە ڕێگای هاوسەرگیری کچی پاشا (حونی) و بوونی پەیوەندی خزمایەتی شەرعیەتی دەسەڵاتی بۆ دەگوازرێتەوە و دەبێتە دامەزرێنەری بنەماڵەیەکی نوێ لە مصری کۆندا (صالح، 1962، 322) .

کەواتە دوو هۆکار بۆتە هۆی گواستنەوەی دەسەڵاتەکە بە شێوەیەکی ئاشتیانە یەکەم نەبوونی شازادەیەکی جێنشین لە ڕەگەزی کوڕ، دووەم بوونی پەیوەندی خزمایەتی لەنێوان هەردوو بنەماڵە، بێگومان ئەمەش یەکەم ڕووداو نیە لە مێژوودا بەڵکو هاوشێوەی ئەم ڕووداوە لەشوێنی تریشدا بوونی هەبووە وەک ئەوەی لە دەوڵەتی میدیا 700 – 550 پ.ز ڕوویدا لەبەر ئەوەی دوا پاشای میدی بە ناوی (استیاجس) جێنشینی نەبوو لە ڕەگەزی کوڕ بۆ دەسەڵات وە خزمایەتی هەبوو لەگەڵ کۆرشی فارس ئەم دوو هۆکارە وایکرد کە فارسەکان بێنە سەر شارستانیەتی میدیا (أحمد، 2015، 106).

## 3. بەشی دووەم / لایەنی شارستانی و پەیوەندیە دەرەکیەکانی مصر لە سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی فیرعەونی 2780 – 2680 پ.ز

### 3.1 تەوەرەی یەکەم / پەیوەندیە دەرەکییەکانی بنەماڵەی سێیەمی فیرعەونی لە ماوەی حوکمڕانیان

پەیوەندیە دەرەکییەکانی بنەماڵەی سێیەمی فیرعەونی خۆی لە دوو پەیوەندی سەرەکیدا دەبینێتەوە ئەوانیش :-

#### 3.1.1 یەکەم / پەیوەندی سەربازی و هەڵمەتە سەربازیەکان

بێگومان یەکێک لە سیما گشتیەکانی یەکگرتنی مصر دوای دامەزرانی حوکمی بنەماڵە فیرعەونیەکان بریتی بوو لە فراوانخوازی و گەورەتر کردنی سنووری دەوڵەتەکە، لەم چوارچێوەیەشدا تەواوی پاشاکانی بنەماڵەی سێیەمی حوکمڕانی مصری فیرعەونی دەستیان بە فراوانخوازی کرد بەرەو دەرەوەی مصر دوای زاڵ بوونیان بەسەر ئەو بارودۆخە نالەبارانەی کە لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی بنەماڵەی دووەم هاتە کایەوە، ئەو فراوانخوازیەش بریتی بوو لە چەند هەڵمەتێک لەلایەن نثر رخت - زۆرسر بۆ سینا و سەرکەوتنیان بەسەر بەدوەکانی ئەوێ ئەمەش لەبەر ئەوەی ڕێگا لە نێردراوەکانیان گیراوە لەلایەن بەدوەکان کە بۆ هێنانی (مس) ڕەوانەی ناوچەکە کرابوون (عبدالرزاق، 2009، 118)، هەر هەمان پاشا چەند هەڵمەتێکی تری سەربازی بۆ باشووری فەڵەستین ئەنجامداوە (زکی، 2015، 120).

هەر لە چوارچێوەی پەیوەندیە دەرەکیەکان لە سینای مصر چەند نەقشێک دۆزراوەتەوە کە ئاماژەن بۆ وێنەی پاشا (سخم خت) کە جارێک دوو تاجی جیاوازی لەسەرە وەک ئاماژە بۆ مصر سەرو و مصری خوارو ئەمەش وەک نیشانەی یەکگرتنی هەردوو بەشی مصر دەخوێنرێتەوە، ئەمانەش هێما و ئاماژەن بۆ هێرشەکانی ئەم پاشایە بۆ ناوچەی سینا بە هەمان شێوەی هەڵمەتەکانی پاشاکانی پێشوو بۆ سەر ئەم ناوچەیە (مهران، 2000، 64).

جگە لە هەڵمەتەکان بۆ سینا و فەڵەستین، نثر رخت - زۆسر توانی سنووری وڵاتەکەی بە ئاراستەی باشوور فراوان بکات بەوەی کە توانی هەندێ ناوچەکانی نوبا بخاتە سەر جوگرافیای مصری کۆن (برستد، 1996، 73).

پاشاکانی ئەم بنەماڵەیە هەوڵیانداوە لە ڕێگەی فشار و هەڵمەتی سەربازی کەل و پەل و پێداویستیەکانیان دەست بکەوێت لە وڵاتانی دەوروبەر و نزیک، بۆ ئەم مەبەستەش هەردوو پاشا سانخت و زۆسر چەند گروپێکی جەنگیان ناردووە بۆ نیمچە دورگەی سینا بە مەبەستی هێنانی ماددەی فەیرۆز وەک پێویستیەکی سەردەمیانەی ئەوکات (عبدالحمید، 2006، 32) .

#### 3.1.2 دووەم / پەیوەندی بازرگانی

سەرەڕای هەڵمەت و هێرشی سەربازی و پەیوەندی سیاسی مصریەکان بۆ پڕ کردنەوەی پێداویستیەکانیان و ساغکردنەوەی بەرهەمە زیادەکانی خۆیان لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر پەیوەندی بازرگانیشیان ئەنجامداوە، لە سەردەمی دەوڵەتی کۆن (بنەماڵەی سێیەم تا شەشەم) مصریەکان پەیوەندی بازرگانیان لەگەڵ وڵاتان ئەنجامداوە لەوانەش حیسیەکان و وڵاتی نێوان دوو ڕووبار و لوبنان و سوریا و فەڵەستین، هەر وەک دەبینین هەڵساون بە هێنانی داری (کەتیرەی عەرەبی – السنط) لە وڵاتی نوبا، وە برەویان بە پەیوەندیە بازرگانیەکان داوە. هەروەها داری ئەبەنوسیان لە وڵاتی ئاشوری هاوردە کردوە (حسن، 2000، 74). لەبەر پێویستی زۆریان بە داری ئەبەنووس ئاشوریەکان بە تەنها نەیانتوانیوە پێداویستیەکانی مصر پڕ بکەنەوە بۆیە هەڵساون بە هاوردە کردنی ئەم دارە لە باشووریش لە ناوچەکانی (کوش و بونت)، جگە لەمە بنەماڵەی سێیەمی فیرعەونی

داری عەر عەریان لە لوبنان هاوردە کردوە کە لە دروستکردنی تابوتی فیرعەون بەکاریان هێناوە (سلیم و سوزان، 2011، 102) . کەواتە ئەوەی بە هێزی سەربازی و هەڵمەتی سەربازی بە دەست نەهاتووە هەوڵیانداوە لە ڕێگای بازرگانی بە دەستی بهێنن .

## 3.2 تەوەرەی دووەم / بیناسازی و کشتوکاڵ لەسەردەمی بنەماڵەی سێیەمی فیرعەونی

لە ڕووی بیناسازی و تەلارسازیەوە دروستکردنی شاری منف لە کارە گرنگ و شارستانیەکانی ئەم بنەماڵەیە بوو کە توانیان پایتەخت لە ئەبیدۆسەوە بگوازنەوە بۆ منف و بیکەنە پایتەختی یەکەمی وولات (جاهین، ب.س.چ، 38)، هەروەها ئەم سەردەمە بە سەردەمی بنیاتنانی هەرەمەکان ناسراوە لەبەر ئەوەی یەکەم هەرەم لەم سەردەمە بنیاتنرا لەسەر دەستی پاشا (نثر رخت – زۆسر) ( EL-Saady, 1995, 62)، لەسەردەمی ئەم پاشایە دەستکرا بە دەرهێنانی مس لە طوری سینا ، هەروەها لە هەمان سەردەم دەستکرا بە بنیاتنانی گەورەترین باڵەخانەی لەبەرد دروستکراو بە یارمەتی ئەندازیار و وەزیری بەناوبانگی (امحتب) کە تێکڕای توانای ئەندازیاری و بیناسازی لەم سەردەمدا دەگەڕێتەوە بۆ توانای ئەو ئەندازیار و وەزیرە کە تەنانەت هەزار ساڵ دواتر لە سەردەمی بەتلیمۆسیەکانیش باڵەخانە و بیناسازی بە سوود وەرگرتن لە توانا و هونەرەکانی (امحتب) دروست دەکران (برستد، 1996، 74).

پاشاکانی بنەماڵەی سێیەم ڕاهاتبوون لەسەر ئەوەی کە دوو گۆڕ بۆ خۆیان دروست بکەن نثر رخت – زۆسریش دوو گۆڕی دروست کرد کە وەک باو بوو لەو کاتدا گۆڕەکان لەشێوەی سەکۆ (مصطبة) دروست دەکران، نثر رخت – زۆسر هەڵسا بە دروستکردنی هەرەمە گرنگەکە کە لە مێژوودا بە هەرەمی مدەرەج ناسراوە لە ناوچەی سەقارە کە درێژ دەبێتەوە بەسەر شاری منف بەلای ڕۆژئاوای نیل (20) کم لە باشووری قاهیرە کە دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ساڵی 2780 پ.ز (فخری، 1982، 36)، ئەم هەرەمە بە یەکەم باڵەخانەی لە بەرد دروست کراوی گەورە دادەنرێ لە مصری کۆندا، ئەم هەرەمە لە بنکەیەک پێک دێت و پێنج بەشی تری لەسەر دانراوە هەر بەشێک بچووکترە لەوەی ژێرەوە کە شێوەی بەدوای یەکدا هاتنی وەرگرتوە (مدرج) بۆیە هەر بەو ناوەش ناو نراوە (Abu Stet, 2000,27))، بەرزی هەرەمەکە (60)مەترە و درێژی لاکانی 545 مەتر و پانیەکەی 277 مەتر و چواردە دەرگای هەیە کە سیانزە دەرگای تەنها وێنەیە و ڕەمزین یەک دەرگای ڕاستی هەیە کە مصریە کۆنەکان بەکاریان هێناوە (مهران، 2000، 49)، (بڕوانە وێنەی ژمارە 2). پاشا نثر رخت – زۆسر جگە لە هەرەمەکەی چەندین کۆشک و باڵەخانە و پەرستگای تری دروست کرد کە کۆی ئەو ڕووبەرەی باڵەخانە و کۆشک و هەرەمەکانی ئەم پاشایە داگیری کردوە دەگاتە نزیکەی (150000) سەد و پەنجا هەزار مەتر چوار گۆشە (البربری، 2005، 141). جگە لەمانە لە پاڵ کاری دروستکردنی هەرەم و کۆمەڵە باڵەخانە و پەرستگاکە گرنگی زۆریش بە زەخرەفە و هونەر دراوە (سید، 2002، 238).

دوای نثر رخت – زۆسر دەستکرا بە بنیاتنانی باڵەخانە و هەرەمە گرنگەکانی مصر وەک دەبینین پاشا (سخم خت) بە هەمان شێوە هەڵسا بە بنیاتنانی هەرەمێکی تر لە سەقارە بەڵام ئەم هەرەمە بە تەواو نەکراوی ماوە (عبدالرزاق، 2009، 98)، هەروەها پاشای چوارەم (خع با) هەرەمێکی تەواو نەکراوی بەجێهێشت لە دوای خۆی وە پاشای شەشەمی بنەماڵەی سێیەم (حو یان حونی) خاوەنی هەرەمێکی شێوە بەدوای یەکدا هاتووە (مدرج) لە ناوچەی میدوم (مهران، 2000، 51)، ئەم هەرەمە لە هەشت بەشی بەدوای یەکدا هاتووە (مدرج) بە بەرزی (92) مەتر و درێژی هەر لایەکیشی لە لاکانی بنکەکەی (144) مەترە بە گۆشەیەکی لاری (51،53) پلە (البربری، 2005، 152) (بڕوانە وێنەی ژمارە 3). ئەم هەرەمە بە قۆناغێکی ڕاگوزەر دادەنرێ لەنێوان هەرەمی بەدوای یەکدا هاتوو (مدرج) و هەرەمی تەواو، یان بە شێوەیەکی تر ئەم هەرەمە قۆناغی کۆتایی شێوەی هەرەمی بوو کە دوای ئەوە ئیتر دروستکردنی هەرەم لە مصری کۆندا شێوە تەواوەکەی وەرگرت بەو شێوەی کە دەبینرێ لە جیهاندا (السعید، 2009، 79). هەروەها پاشا (حونی) لە بەشی باشووری مصر قەڵایەکی بەرگری دروست کردوە بە مەبەستی پاراستنی ئەم بەشەی مصر لە هێرشی دوژمنەکانی (عبدالحمید، 2006، 32) .

نەک تەنیا هەرەمەکان خۆیان بەشێکی گرنگی شارستانیەتی بنەماڵەی سێیەممان بۆ دەردەخەن بەڵکو ئەو کەلوپەلانەی کە لەناو هەرەمەکانیش دۆزراونەتەوە خزمەتێکی زۆری مێژووی ئەم بنەماڵەیە دەکەن و زانیاری زیاترمان پێ دەبەخشن دەربارەی خاوەنەکانیان لەمانەش لەو کۆتاییانە لەناو هەرەمەکەی نثر رخت – زۆسر نزیکەی (30000) سی هەزار کەل و پەل و پێداویستی بۆ بەکار هێنانی ژیانی ڕۆژانە و جوانکاری دۆزرانەوە کە دروستکراون لە بەردی دەگمەنی مەرمەڕ و گرانێت و دیوریت کە زۆربەیان شکاون ئەوەش لەوانەیە بەهۆی بومەلەرزە یان بە ئەنقەست شکێنراون کە هەندێکیان تا کۆتا پلە جوانکاری و کاری هونەری تێدایە کە هەندێکایان ناوی ئەو کەسانەی لەسەر نووسراوە کە بە دیاری داویانە بە پاشا (حسن، 2000، 281). دۆزینەوەی پەیکەرێکی نایابی پاشا (نثر رخت – زۆسر) (بڕوانە وێنەی ژمارە 4) لە ژێر زەمینی باکووری هەرەمەکەی لە ناوچەی سەقارە و نەقشەکانی سەر دیواری کۆمەڵە پەرستگاکانی کە تیایدا ئەوە دەردەکەوێ کە پاشا لە جێبەجێ کردنی کەش و هەوای ئاینیە لە نموونەی بەرزی و جوانی و ووردی کارە دەستی و هونەریەکانی ئەو سەردەمەن ((البربری، 2005، 26). هەروەها ئەم پەیکەرە ڕەمزی دەسەڵات و هێز و شکۆمەندی و ئومێد بوون بە نەمریە، لەبەر ئەوەی پاشا خواوەندێکە و جێنشینی (حورس)ی دوا خواوەندی فەرمانڕەوای مصرە (سید، 2002، 386).

لە هەرەمەکەی (سخم خت)یش چەند کەلوپەلێکی بەردین دۆزراوەتەوە کە لە مەڕ مەڕ و دیوریت دروست کراون (السعید، 2009، 78)، هەروەها (21) ملوانکەی لە زێڕ دروستکراو هەندێکیان بچووک و هەندێکیشیان مام ناوەند، لەگەڵ سندوقێکی بچووکی زێڕین (الشریف، 2002، 153).

ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە کشتوکاڵەوە ئەوا لەبەر پێویستیەکانیان بنەماڵەی سێیەمی فیرعەونی لە مصری کۆندا زۆر جۆر داریان بەکار هێناوە بۆ کەشتی دروست کردن و خانوو و کەرەستەکانی ناو ماڵ و دابین کردنی پێداویستیەکان ئەمە وایکرد کە هەمیشە مصریەکان بەشێکی جۆرەکانی دار لە دەرەوە هاوردە بکەن بۆ پڕ کردنەوەی پێداویستیەکان لەگەڵ ئەوەشدا لە ناوەخۆدا پەرەی زۆریان بە بەرهەم هێنانی ئەم جۆرە دارانە داوە کە لە هونەری ماڵ و کۆشک و کەشتی و باڵەخانە بەکار دێن لەوانەش داری (السنط – Acacia Niloyica Del)، هەروەها داری خورما و داری (الجمیز – Ficus Sycomorus) و داری

(الصفصاف – Salix Safsaf Forsk) و داری ئەبەنوس (حسن، 2000، 70)
.

هەر لەبەر ئەوەیە کە کشتوکاڵیش پێگەیەکی گرنگی هەبوو لە کۆمەڵگەی مصری لەبەر ئەوەی مصریە کۆنەکان هەر لە سەردەمی یەکەم بنەماڵەی حوکمڕانی گرنگی زۆریان دابوو بە کشتوکاڵ و ئاودێری بە سوود وەرگرتن لە ڕووباری نیل و دروستکردنی چەند بەنداوێک لەسەر ئەم ڕووبارە بە مەبەستی برەودان بە بەرهەمی کشتوکاڵی (Britannica, 2003, 174)، بەمەش کشتوکاڵ و پیشەگەری شانبەشانی بازرگانی بوژانەوەی زۆریان بەخۆوە بینیوە و بە تایبەتی لە سەردەمی پاشا (نثر رخت – زۆسر) کە ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە پێشخستنی کشتوکاڵ و پیشەگەری لە وڵات (ڤرنر، 2005، 140) .

### 3.3 تەوەرەی سێیەم / سوپا و کارگێڕی و ئاین لە سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی حوکمڕانی

لە ڕووی سوپاوە لە مصری کۆندا ئەوا سوپا پێکهاتبوو لە سوپایەکی ڕێکخراو کە ئەندامەکانی بریتی بوون لە مصریەکان و بەشێکیش لە بەکرێ گیراوەکانی لە نوبا و لیبیا، پڕ کرابوون لە چەک و جل و بەرگی هاوشێوە لەژێر سەرکردایەتی سەرکردەیەکی گشتی و دابەش کرابوون بەسەر چەند یەکەیەک لەژێر فەرمانی ئەفسەرێکی پیشەگەر کە خۆیان یەکلا کردبۆوە بۆ کاری سەربازی و هیچ کارێکی تریان نەبوو، وە کاتێک (نثر رخت – زۆسر) دەسەڵاتی گرتە دەست سوپا گرنگی زیاتری پێدرا بە مەبەستی پاراستنی وڵات لەهێرشی دەرەکی و بۆ هەر ویلایەتێک هێزێکی هەبوو کە هەموویان سەر بە مەڵبەند بوون چونکە شێوازی مەرکەزی هەبوو (زکی، 2015، 22).

ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە ژیانی کارگێڕی فەرمانبەری لە دەوڵەتدا فەرمانبەر و کاربەدەست لەلایەن زانا و ئەوانەی زانیاریان هەبوو هەڵدەبژێردران بە فەرمانێکی فەرمی دادەمەزران بە پیشەی نووسەر و دواتر پۆست و دەسەڵاتەکەی وردە وردە زیادی دەکرد کە یاسا دیاری کردبوو، ئینجا یەکێک لەو فەرمانبەرانە بە فەرمانی فەرمی ئەرکێکی تری پێدەسپێردرا کە پێی دەگوترا جێگری پاشا سەرەتا لە گوند و دواتر لە شار، ئەو فەرمانبەرەی ئەم دوو قۆناغەی بڕیبا مافی ئەوەی هەبوو دواتر پۆستی باڵا وەربگرێت لە دەوڵەت وەک حاکمی ناوچەکان ، بەڕێوەبەری یەکێک لە بەرژەوەندیە سەرەکیەکانی دەوڵەت یان ئەمینداری پاشا (حسن، 2000، 8) . هەر لەبەر پێگە و پلەی بەرزی نووسەریش بوو وەک نیشانەیەکی بەرزی ڕۆشنبیری و زانین لەسەر گۆڕی شازادە و پاشا و حاکمی هەرێمەکان و چەندانی تریش ناوی نووسەر وەک شانازیەک دەنووسرا بە شێوازی جۆراوجۆر وەک نازناوی (نووسەری کتێبە پیرۆزەکان) (الشریف، 2002، 19).

لەڕووی کارگێڕی وڵاتەوە پاشا نثر رخت – زۆسر بە یەکەم پاشای مصر دادەنرێ کە هەڵسا بە ڕێکخستنی هۆیەکانی بەرگری کردن لە مصر، بەوەی کە سنوورەکانی دابەش کرد بۆ چەند ناوچەیەک وە ناوی نان دەرگاکانی مەملەکەت وە بۆ هەر یەکێکیان هێزێکی پارێزگاری دانا لەگەڵ حاکمێکی تایبەت بەو ناوچەیە لەژێر ناوی (چاودێری خاک – مرشد الارض)، ئەو حاکمانە دەسەڵاتی پۆلیس و دەسەڵاتی گشتی ناوچەکەیان لەژێر دەست بوو، بەم پێیە کەواتە دەسەڵاتداری ئاسایش و کارگێڕی ناوچەکان بوون، هەر ناوچەیەکیش بە قەڵایەکی بەرگری پشت ئەستوور بوو لەڕووی قەڵا و سەرباز و پێداویستیەکانی بۆ ماوەیەکی زۆر (زکی، 2015، 64).

خێزانی مصری لەم سەردەمەدا جیاواز بوو لەگەڵ سەردەمەکانی تر زیاتر بریتی بووە لەسەر تاکڕەوی و خۆنەبەستانەوەی تاک بەوانی تر، بەڵکو هەموو شانازیەکان لەسەر خودی تاک دەگێرسانەوە نەک ناوی خێزان وەک دەبینین کەسی مردوو لەسەر گۆڕەکەی تەنها ناوی خۆی و نازناو و ناوی خێزانی و منداڵەکانی لەگەڵ دایک و باوکی هەڵدەکۆڵدرا وەک گۆڕەکانی (رع حتب) و (حسی)، تاک شانازی نەدەکرد بە باب و باپیرانی بەڵکو هەموو شانازیەکان لە چوارچێوەی کەسایەتی خۆی کورت دەکردەوە، هاوسەرەکان (ژن و مێرد) لەم سەردەمەدا یەکسانیەکی ڕەهایان هەبوو بەجۆرێک هەر یەکێکیان خاوەنداریەتی تایبەتی هەبوو بەسەر موڵکەکانی و هیچ چاودێریەک نەبوو لەسەر ئافرەتەکان. لە گۆڕەکانی بنەماڵەی سێیەم دەرکەوتوە کە ئافرەتەکانیشیان بە شانی پیاوەکانیان نانێژرێن، ئەمەش نیشانەی ئازادی و سەربەستی تاکە لە هەردوو دونیا (حسن، 2000، 507).

لەڕووی ئاینییەوە خواوەند (رع) خواوەندی ڕۆژ لە سەردەمی حوکمڕانی بنەماڵەی سێیەم پەرستراوە و یەکێک لە هۆکارەکانی بنیاتنانی هەرەمەکانیش بۆ بابەتی ئاین دەگەڕێتەوە چونکە مصریە کۆنەکان باوەڕیان وا بوو کە دروست کردنی هەرەمەکان بە شێوەی بەدوای یەکدا هاتن (مدرج) هاوکار دەبێت بۆ مانەوەی تەرمی پاشا بە نەمری ئەمەش نیشانەی هێز و دەسەڵاتی پاشایە، باوەڕیان وا بوو کە پاشای کۆچکردوو بەرز دەبێتەوە بۆ ئاسمان ئەم شێوازەی هەرەمەکان (مدرج) هاوکار دەبێت بۆ بەرز بوونەوەی پاشا و گەیشتن بە خواوەند (رع – خواوەندی ڕۆژ) لە ئاسمان، هەر لەبەر گەورەیی ئەم خواوەندە دەبینین کە پاشا (نثر رخت – زۆسر) هەڵسا بە دروستکردنی پەرستگایەک بۆ خواوەند (رع) لە ناوچەی (عین الشمس) (البربری، 2005، 148). هەردوو خواوەندی (ست) و (حورس) لە خواروو و سەرووی مصر پەرستراون (السعید، 2009، 51)، هەروەها خواوەند (خنوم – خواوەندی ناوچەی تاڤگەکان) لە بەشێکی خوارووی مصر لە سەردەمی بنەماڵی سێیەمی فیرعەونی پەرستراوە هەر لەبەر ئەوەش (نثر رخت – زۆسر) هەڵساوە بە دروستکردنی پەرستگایەک بۆ ئەم خواوەندە تا یارمەتیان بدات لە ووشکە ساڵی، چونکە ئەم خواوەندە بە سەرچاوەی لافاوەکانی نیل دانراوە (فخری، 1982، 41) .

لەپاڵ ئەم خواوەندانەی سەرەوە لە هەمان کاتدا چەندین خواوەندی تریش پەرستراون لە مصری کۆندا وەک :-

اوزیر / هەر لە سەردەمی بنەماڵەی یەکەمی فیرعەونی بوونی هەبووە .

ایزە / هەر لە سەردەمی بنەماڵەی یەکەم و دووەم بوونی هەبووە .

بتاح / خواوەندی سەرەکی شاری منف .

تحوت / ئەو خواوەندەی پێش دەستپێکی حوکمی بنەماڵەکان بوونی هەبووە .

سکر / یەکێک بووە لەو خواوەندانەی کە لە منف پەرستراون .

انوبیس / ئەو خواوەندەی پێش دەستپێکی حوکمە بنەماڵەکان بوونی هەبووە .

وب واوات / خواوەندی جەنگ و شەڕ لە پێش دەستپێکی حوکمی بنەماڵەکانیش بوونی هەبووە .

مین / لە خواوەندە دەگمەن و کەم ناو هاتووەکانە لە سەردەمی بنەماڵەی یەکەم و دووەمیش بوونی هەبووە .

نیت / ئەویش یەکێکە لە خواوەندەکانی کە لە شاری منف پەرستراوە .
حتحور / خواوەندی ئاسمان کە هەر لە سەردەمی بنەماڵەی یەکەم و دووەم پەرستراوە لە مصری کۆندا .
نخبت / سەرەتا خواوەندی شاری نخب بوو پێش یەکگرتنی مصریش بوونی هەبوو ، دواتر سنووری پەرستنی فراوان بوو تا هەموو مصری گرتەوە .
وادجیت / خواوەندی شاری (دب) بوو .
مفدت / لە خواوەندە بچووکەکانە وەک یاریدەدەری خواوەندەکانی ترە کە هەر لە سەردەمی بنەماڵەی یەکەم و دووەم بوونی هەبووە .
ماتیت (محیت) / خواوەندی شاری (ثني) بووە، هەر لە سەردەمی بنەماڵەی یەکەم و دووەمی فیرعەونی بوونی هەبووە .
سشات / خواوەندی نووسین و بنیاتنان، لە سەردەمی بنەماڵەی یەکەم پەرستراوە .
سخمت / لە شاری منف پەرستراوە و خێزانی خواوەند بتاح بووە .
موت / خواوەندی دایک هەر لە زۆر کۆنەوە پەرستراو، دایکی خواوەند (خنسو)یە.
باست – باستت / خواوەندی شاری زەقازیق بووە لەشێوەی پشیلە خۆی نمایش کردوە لە سەردەمە زۆر کۆنەکان پەرستراوە (سلیم و سوزان، 2011، 258).

هەروەها بابەتی فەلەکناسی و ڕۆژژمێریش لەسەردەمی بنەماڵەی سێیەمی فیرعەونی گرنگی زۆری پێدرابوو بە جۆرێک شاری (انو) (عین شمس) بارەگای پەرستنی ڕۆژ بوو، لەم شارە چاودێری ئەستێرەکان دەکرا و کاری فەلەکناسی تیا ئەنجام دەدرا و لە ئەنجامی ئەمەشدا ڕۆژژمێرێکی ساڵانەیان داهێنا و لە ساڵی 2773 پ.ز جێبەجێیان کرد کە ڕۆژەکانی ساڵی تیادا دابەش کردبوو بۆ 365 ڕۆژ، تێکڕای ڕۆژەکانی ساڵ بەسەر 12 مانگ دابەش کرابوون، پێنج ڕۆژی کۆتایی ساڵ ئاهەنگیان تیادا دەگێڕا بە بۆنەی لە دایک بوونی خواوەندەکانیان (اوزیر، ایسە، شت، نبت حت، حور) (صالح، 2006، 150).

## 4. ئەنجام

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە :-
1- دوو هۆکاری سەرەکی بوونە هۆکاری ئەوەی کە دەسەڵات بنەماڵەی دووەمەوە بگوازرێتەوە بۆ بنەماڵەی سێیەم ئەوانیش بوونی شۆڕش و ململانێی ناوەخۆ بەهۆی ئاینەوە لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی بنەماڵەی دووەم وە هۆکاری دووەم نەبوونی جێنشینێکی شەرعی بۆ وەرگرتنی دەسەڵات لەدوای باوکی ئەم دوو هۆکارەش بوونە هۆکاری دروست بوونی بنەماڵەیەکی نوێی حوکمڕانی لە مصری کۆندا کە بە بنەماڵەی سێیەمی فیرعەونی ناسراون لە ساڵی 2780 پ.ز .
2- شەش پاشا (فیرعەون) حوکمیان کردوە لەسەردەمی ئەم بنەماڵەیە کە نزیکەی بۆ ماوەی سەد ساڵ توانیان حوکمی وڵاتی مصری یەکگرتوو بکەن لە 2780 – 2680 پ . ز .
3- سانخت یەکەم پاشای ئەم بنەماڵەیەیە بەڵام لەبەر دوو هۆکار ناو و ناوبانگی ئەوەندە زۆر نیە یەکەم لەبەر ئەوەی ماوەی حوکمڕانی زۆر نەبووە دووەم لەبەر ئەوەی کە دەستکەوتی شارستانی و سەربازی وەک نثر رخت – زۆسر زۆر نەبووە تا ناوبانگ پەیدا بکات .
4- پاشا نثر رخت – زۆسر بەناوبانگترین پاشاکانی بنەماڵەی سێیەمی حوکمڕانیە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەستکەوت و سەرکەوتنانەی کە ئەم پاشایە بە دەستی هێناوە لەماوەی حوکمڕانی خۆیدا .
5- پاشا نثر رخت – زۆسر بە بەکار هێنانی بەرد لە بیناسازی و دروستکردنی هەرەم توانی شارستانیەتێکی گەورە بۆ حوکمڕانی فیرعەونی مصری تۆمار بکات، چونکە هەنگاوەکانی ئەو بووە دەستپێکی کارێکی گرنگ و شارستانیەتێکی گەورە کە دواتر لە سەردەمی بنەماڵەی چوارەمی حوکمڕانی توانرا هەرەمەکان بە شێوەی تەواو دروست بکرێن کاتێک لە سەردەمی نثر رخت – زۆسر ئەم کارە دەستی پێکرد وەک سەرەتایەک بۆ دروستکردنی هەرەم .
6- هەرچەندە بنەماڵەی یەکەم و دووەمی حوکمڕانی مصر توانیان مصر یەکبخەنەوە بەڵام شۆڕش و ناڕەزایی کۆتایی نەهات تەنها بە هاتنی بنەماڵەی سێیەمی حوکمڕانی دەسەڵاتی مەرکەزی دەوڵەت جێگیر بوو بۆ حوکمکردنی وڵات .
7- ئەو شێوازەی حوکمکردنەی وڵات لەلایەن بنەماڵەی سێیەمەوە بەڕێوەبردرا درێژەی هەبوو تا کۆتاییەکانی بنەماڵەی شەشەم ئەمەش لە ماوەی نێوان 2780 – 2200 پ . ز، کە هەموویان لەسەر هەمان سیستەمی حوکمڕانی و بەڕێوەبەردی مەرکەزی وڵاتیان بەڕێوە برد .
8- شێوازی حوکمکردن وەک ئاشکرایە شێوازی پشتاو پشت بووە ، وە پاشا وەک خواوەند یان نوێنەری خواکان لەسەر زەوی سەیر کراوە .
9- لەسەردەمی ئەم بنەماڵەیە پەیوەندیە دەرەکیەکان لە هەردوو پەیوەندی سەربازی کە خۆی لە هەڵمەتە سەربازیەکان دەبینیەوە بوونی هەبووە بە مەبەستی فراوانخوازی و دوور خستنەوەی مەترسیەکان لەسەر سنووری وڵات ، هەروەها پەیوەندی بازرگانیش برەوی پێدراوە لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر ئەمەش بە مەبەستی هەناردە کردن و هاوردەکردنی کەل و پەل و پێداویستی .
10- کەسایەتی ئەندازیار و پزیشک (امحتب) ڕۆڵێکی سەرەکی و گرنگی هەبووە لە سەرکەوتن و بوژانەوەی کارگێڕی و لایەنی ئەندازیاری و حوکمڕانی بنەماڵەی سێیەمی فیرعەونی .
11- بنەماڵەی سێیەمی فیرعەونی لە مصردا لە پاڵ ئەو هەموو شارستانیەتە لەسەر زەوی لە بواری فەلەکناسیشدا خزمەتێکی زۆری جیهانیان کرد لە بەرەودان و پێشخستنی ڕۆژژمێرێکی ڕێکخراو و وورد کە تا سەردەمانی ئەمڕۆ لە جیهاندا کاری پێدەکرێت .
12- کۆتایی بنەماڵەی سێیەمی فیرعەونی کۆتاییەکی ئاشتیانە بووە هەر هەمان ئەو دوو هۆکارەی بوونە هۆکاری هاتنە سەر تەختیان دەبێتە هۆکاری لەناوچوونیشیان ئەویش لەبەر نەبوونی جێنشینێکی شەرعی بۆ دەسەڵات یان ئەو کار و کردارانەیە کە پاشاکانی بنەماڵەی چوارەم ئەنجامیاندا لە گەیشتنە لوتکەیان لە بنیاتنان و دروستکردنی بیناسازی بە تایبەتیش لە دروستکردنی هەرەم کە توانیان بگەنە دروستکردنی هەرەمی تەواو کە تا ئێستاش وەک شاکارێک سەیر دەکرێن .

## 1. سەرچاوەکان

### أ - کتێبە عەرەبیەکان :

البربري، احمد محمد، (2005)، مصر القديمة الحضارة و الاثار، الطبعة الاولى، مطبعة الحضري، الاسكندرية، مصر.

البيومى، وائل، (2014)، اشهر ملوك الفراعنه ، الطبعة الاولى ، دار المشرق العربي، جيزة، مصر.

حسن، سليم، (2000)، مصر القديمة في عصر ما قبل التاريخ الى نهاية العهد الاهناسى، الجزء الاول ، مكتبة الاسرة، مصر.

حسن، سليم، (2000)، مصر القديمة في مدينه مصر و ثقافتها الدوله الدقيمه و العهد الاهناسى، الجزء الثاني ، مكتبة الاسرة، مصر.

الخفاجي، مزهر، (2019)، من الدولة الدينية الى الدولة المدنية – دراسة في تطور نظم الحكم في الدولة القديمة، الطبعة الاولى، منشورات زين الحقوقية، بيروت – لبنان.

زكي، عبدالرحمن، (2015)، الجيش في مصر القديمة، الطبعة الثانية، الهيئة المصرية العامة للكتاب، مصر.

سعدالله، محمد على، (1988)، الدور السياسى للملكات فى مصر القديم، مؤسسة شباب الجامعة، الاسكندرية – مصر.

سعدالله، محمد على، (2004)، دراسات في تاريخ مصر والشرق الادنى القديم في تاريخ مصر القديمة، الجزء الاول، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية – مصر.

السعدي، حسن محمد محي الدين، (2005)، المعالم الرئيسية لتاريخ مصر الفرعونية، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية، مصر.

السعيد، عصام، (2009)، تاريخ مصر القديم منذ اقدم العصور و حتى نهاية الاسرة السابعة عشر، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية ، مصر.

سليم، سوزان، أحمد أمين و عباس عبداللطيف، (2008)، دراسات فى تاريخ و مصر و الشرق الادنى القديم – دراسات فى تاريخ مصر الفرعونيه منذ اقدم العصور و حتى دخول الاسكندر المقدوني، الطبعة الاولى، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية، مصر.

سليم، سوزان، أحمد أمين و عباس عبداللطيف، (2011)، دراسات فى تاريخ و مصر و الشرق الادنى القديم فى حضارة مصر القديمة، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية - مصر.

سيد، عبدالمنعم عبدالحليم، (2002)، حضارة مصر الفرعونية جراسة تحليلية مقارنة في نشاة وتطور نظام الحكم و العقائد و الفن، الجزء الاول، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية – مصر.

سيف الدين، علي، هاشم، ابراهيم نمر و زكي و احمد نجيب، (1991)، مصر في العصور القديمة ، ط: الاولى مراجعة : محمد شفيق غربال، مكتبة مدبولي، القاهرة – مصر.

الشريف، حسن، (2002)، تاريخ مصر منذ اقدم العصور، الجزء الثاني، المعارف للكومبيوتر، دمنهور – مصر.

صالح، عبدالعزيز، (1962)، حضارة مصر القديمة و اثارها، الجزء الاول، الهيئة العامة اشئون المطابع الاميرية، القاهرة – مصر.

صالح، دكتور عبدالعزيز، (2006)، الشرق الادنى القديم – مصر القديمة، مكتبة الانجلة المصرية، القاهرة، مصر.

عبدالحميد، ضحى محمد سامي، (2006)، تاريخ مصر القديم ومناطقها الاثرية، الاسكندرية – مصر.

عبدالرزاق، جمال الدين، (2009)، مصر القديمة – تاريخ و الحضارة، مصر.

عبدالعزيز، علاءالدين، (ب.س.ط)، تاريخ مصر القديم و مواقعها الأثرية، مصر.

فخري، أحمد، (1982)، الأهرامات المصرية، ت: د. أحمد فخري، مكتبة الانكلو المصرية، القاهرة – مصر.

مهران، محمد بيومى، (2000)، دراسات فى تاريخ مصر و الشرق الادنى القديم، دار المعرفه الجامعيه، الاسكندريه، مصر.

**ب- كتێبە وەرگێردراوەكان بۆ عەرەبی :**

برستد، جيمس هنرى، (1996)، تاريخ مصر من اقدم العصور الى الفتح الفارسى، ت: حسن كمال، م:محمد حسنين الغمرادى بک، مکتبه مدبولى، القاهره ، مصر.

بينز، ليسكو، سيلفرمان، جون و ليوناردو و ديفيد، (2012)، الديانة في مصر القديمة، المحرر: بيرون شيفر، ترجمة و تقديم: د. محمود ماهر طه، الطبعة الاولى، الهيئة المصرية العامة للكتاب، مصر.

ڤرنر، ميروسلاڤ، (2005)، سر الاهرامات، ت: خالد ابو اليزيد البلتاجي، ط: الاولى، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة – مصر.

هوسون, فالبيل، جونيفييف و دومينيک، (1995)، الدولة و المؤسسات في مصر من الفراعنة الاوائل الى الاباطرة الرومان ، ت: فؤاد الدهان، مراجعة: د. زكية طبوزادة، الطبعة الاولى، دار الفكر للدراسات و النشر و التوزيع، القاهرة – مصر.

ج- نامەی ماستەر:

أحمد، شاكر رضا، (2015)، التاريخ السياسي و الحضاري للمملكة الميدية 700 – 550ق.م، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الاسكندرية، الاسكندرية ، مصر.

د- كتێبەكان بە زمانی ئینگلیزی :

Abu Stet, Dalya Yahia, (2000), Lecture in Ancient Egyptian . Monuments Pyramids – Tombs – Templs, Egypt

EL-Saady, Hassan, (1995), Reading in ancient history and .civilization, Egypt

هـ- گۆڤارەكان بە زمانی ئینگلیزی:

Dreyer, Josphson, Gunter and Jack A, (2011), Royal Sculpture of the Predynastic and Archaic Periods, JOSTOR (Journal of the American Research Centre in Egypt), Vol 47.

K. Mendelssohn, (1973), A Building Disaster at the Meidum Pyramid, JOSTOR (Journal of the American Research Centre in Egypt), Vol 59 .

Mark, Joshua. J, (14 February 2016), The step Pyramid of Djoser, Ancient history encyclopedia magazine.

The new Encyclopaedia Britannica, (2003), volume 13, Macropaedia knowledge in death, usa.